# سیناریۆی ڕەش و ئایندەی عێراق و نەبەردەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

## گفتوگۆی "کۆمۆنیست"-بلاوکراوەی فارسی زمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حیکمەتیست

## لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

**کۆمۆنیست: کۆمەڵگای عێراق و خەڵکی عێراق بە هەلومەرجێکی سەختدا تێپەڕدەبن. ئیسلامی سیاسی لە قاڵبی ئیئتلافێکی یەکپارچەی عێراقدا خەریکی دروستکردنی هەلومەرجێکە کە بتوانێت دەستووری عێراق دابڕێژێت و پۆستی سەرەک وەزیران و کەناڵەکانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. وێڕای ئەمە گەڵاڵەی ڕەشی فیدرالیزمێکی قەومی بە حزوری ئەمەریکا لە عێراقدا موحتەمەلە. ئێوە ئایندەی عێراق چۆن ئەبینن؟**

ڕێبوار ئەحمەد: ئەمریکاو هیزە قەومی و ئیسلامیەکانی هاوکاری، بەردەوام و بە گرتنەپیشی هەر هەنگاوو ئەلقەیەکی تازەی سیاسەت و نەخشەکانیان، وەزعی دژوارو کارەساتباری عیراق قولتر دەکەنەوە. سیناریۆی هەلبژاردن کە لە دوو هەفتەی رابردوودا بەریاخست هەنگاویکی دیکەبوو لەم راستایەدا. ئەم هەلبژاردنە لە روانگەی ئەمریکاوە پرۆژەیەك بوو بۆ ئەوەی خۆی لە ژیر فشاری ناوخۆو جیهانی سەبارەت بە هیشتنەوەی هیزەکانی لە عیراق بهینیتەدەرەوە، وا نیشانبدات کە پرۆسەی گەیاندنی پەیامی دیموکراسی بە عیراقی بەجیگەیاندوە، گوایە دەسەلاتی سپاردوە بە عیراقیەکان لە ریگای هەلبژاردنی دیموکراسیەوە. پاشان لەلایەکەوە بە ناوی خواست و داوای ئەو حکومەتەی کە لەم هەلبژاردنە ساختەیەوە دیتەدەرەوە مانەوەی هیزەکانی لە عیراق فەراهەم بکات، هاوکاتیش ئەم حکومەتە بەکاربیهنێ بۆ شەری ئیسلامی سیاسی کە بووەتە یەخەی خۆیەوە.

لە روانگەی ئیسلامی شیعەوە کە پیداگری توندی لەسەر ئەم هەلبژاردنە دەکرد، ئەم سیناریۆیە ریگایەك بوو بۆ بەهیزکردن و چەسپاندنی موقعیەتی بالادەستی خۆی بەسەر کۆمەلگای عیراقدا. چونکە ئەوە ئاشکرابوو لەم هەل و مەرجەدا کە ئەم هیزە ئیسلامیانە توانیویانە بە پشتیوانی راستەوخۆو گەرم و هەمەلایەنەی جمهوری ئیسلامی ئێران، دەسەلاتی میلیشیایی خۆیان بەسەر بەشی زۆری ناوچەکانی جنوبی عیراق و بەشیکیش لە ناوەراستی عیراق بسەپینن، دەتوانن ئەم هەلبژاردنە بکەن بە نمایشی "بەلێ" ووتن بۆ خۆیان، بە عەمەلیش هەروا کەوتەوەو دەستی بالایان پەیدا کرد لە ئەنجامی ئەو گالتەجاری هەلبژاردنەدا.

هەرچی هیزە ناسیونالیستە کوردەکانە کە بە پێی ستراتیژی خۆگریدانەوەیان بە سیاسەتی ئەمریکا دەبوو بەشداری ئەم سیناریۆیە بکەن، هەولیاندا گیرانەوەی کوردستان لە جیایەکی دیفاکتۆی 13 سالەوە، بۆ ژیربالی دەولەتی مەرکەزی و سەردانەواندن بۆ بالادەستی ئیسلامی سیاسی بەسەر عیراقدا، بکەنە قوربانی سوچیکی دەسەلات بۆ خۆیان. ئەوان هەولیاندا بە هەلخراندنی کۆنەپەرستانەترین هەستی نەتەوەپەرستی لە نیو خەلکی کوردستاندا، بەشی خۆیان لە دەسەلات مسۆگەر بکەن. ئامادەبوون لە پشتی هەموو پرۆژەو سیناریۆیەکی تاریك و کۆنەپەرستانە راوەستان تەنها بەو مەرجەی بەشی ئەوان لە دەسەلات مسۆگەر بکات.

هەر بەوجۆرەی ئیمە پیشبینمان دەکرد، سیناریۆی هەلبژاردن وەزعی کارەستباری عیراقی قولتر کردووەتەوە. شەرو تیرۆریزم و سیناریۆی رەش وەکو خۆی دریژەی هەیە، ئەوەی زیادی کردوە ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی دەیەوێ بە پشتیوانی ئەنجامەکانی ئەم بەناو هەلبژاردنە رەسمیەت بە بالادەستی خۆی بدات و هەمان ئەحکام و شەرعیەتی ئیسلامی کە لەسەردەمی رژیمی بەعسدا بنەمای دەستورو یاساکانی پیکدەهینا لەسەر کۆمەلگای عیراق توندتر بکەنەوە. لەگەل دەرکەوتنی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەلبژاردنەکەیاندا ئەم پەیامە بە راشکاوی لەلایەن ئاخوندو مەرجەعەکانیانەوە راگەیەنرا. لەلایەکی دیکەوە ناسیونالیستە

کوردەکان دەیانەوێ لەسەر وەزعی پشێوو ئالۆزکاوو مەینەتباری عیراق سەرمایەگوزاری بکەن‌و خواستی فیدرالیزمی قەومیان فەرز بکەن.
ئەگەر ئەم تەرح‌و بەدیلانە سەربگرێ ئەو ئایندەیەی کە لە سایەیاندا بەسەر کۆمەلگای عیراقدا فەرز دەبیت، تاریکترو کۆنەپەرستانەترە لە سەردەمی رژێمی فاشیستی بەعس. ئەم کۆمەلگایە کە سالەهایە بەدەست داب‌ونەریتی دارزیوو بە زۆر فەرزکراوی ئیسلامیەوە بیداد دەکات، ئەمجارە بە شیوەیەکی لە هەمیشە توندتر ژیان‌و هەلس‌وکەوتی رۆژانەو سەرەتاییترین مافەکانی خەلك بەم داب‌و نەریتە پرتوکاوە لە قالب دەدریت، کۆتی عەبدایەتی دەکریتە گەردنی جەماوەریکی ملیونی موتەمەدن، کارنامەی رژێمی بەعس بۆ کوشتارو سەربرینی ناموسپەرستانەو یەخسیرکردنی ژنان بە شیوەیەکی بەربلاوتر دریژەی پیدەدریت، هەموو بەهاو پیوانەو ئازادیە سیاسی‌و مەدەنیەکانی هاولاتیان بە رەسمی دەخریتە ژێرپیوە، بە کورتی نوسخەی جەهەنمی ژیر سایەی جمهوری کۆنەپەرست‌و خوینریژی ئیسلامی ئیران‌و چەتەکانی تالیبان دەگویزیتەوە بۆ عیراق.
فیدرالیزمی قەومیش دەبیتە بەلایەکی دیکەی سەربار، بیهیننە بەرچاو ئەگەر هەموو هاولاتی‌و شارو گەرەك‌و پارچە زەوی‌و گردیك ناسنامەی قەومی بکریتە ملی، ئەگەر خەتی سور لە نیوان ئەمانە بکیشرێ‌و هەر دیویکی ئەو خەتە سورە مۆری قەومیکی لیبدریت، ئەگەر وەزارەتخانەو ئەنجوومەن‌و کورسی شارەوانیەکان لەسەر بناغەی قەومی‌و دینی دابەش بکریت، چ ئاشوب‌و شەریکی نەبراوە بەردەرگای هەموو هاولاتیەك دەگریت. هەموو رۆژێك لەسەر دابەشکردنەوەی بەشەکان بە پێی ئەم دەستەبەندیە ساختەو پوچانە شەرو کیشە بەرپادەبیتەوە. ئەمە خەتەریکی جدیە بۆ یوگسلافیزەکردنی عیراق.
هەلبەت من ئەمانە لە وەلامی پرسیارەکەی ئیوەدا باس دەکەم بەو فەرزەی کە ئەگەر تەرح‌و پلاتفۆرمی ئەم هیزانە سەربگرێ‌و بچەسپی. بەلام لە واقعدا ئەوان کۆسپ‌و ریگری زۆریان لە پیشە، هەر لە ئیستاوە سەرەتای رەوینەوەی خۆشباوەری بە هەراوهۆریای هەلبژاردن دەستی پیکردوە، ئەم تەرحانە پیش ئەوەی بواری پیادەکردن پەیدا بکەن دەکەونە بەرامبەر نارەزایەتی خەلك. پیشتر ئیسلامیەکان بە ناوی مجلس الحکمەوە بریاریکیان هینا بەناوی بریاری 137 ناوەرۆکەکەی بریتی بوو لە توندکردنەوەی شەرعیەتی ئیسلامی بەسەر یاسای ئەحوال شەخصیدا. ئەم بریارە بە فراوانی کەوتە بەرامبەر نارەزایەتی خەلك‌و لە ماوەی دوو هەفتەدا خرایە گۆرەوە. بە بروای من ئەوە نمونەیەکی عەمەلی بوو لە ناکۆکی ئاشکرای ئاوات‌و ئارەزوەکانی خەلکی عیراق لەگەل ئیسلامدا. هەروەها جیاواز لە نارەزایەتی خەلك‌و دەوری بەرەی کۆمۆنیزم‌و ئازادی‌و سکولاریزم بۆ بەرگرتن بەم نوسخە تەلخە بۆ ئایندەی عیراق. خودی ئەم هیزانە پر ناکۆکین. مەسەلەی فیدرالیزم وەکو کیشەیەکی قول بینەوبردەی زۆری بەدواوەیە. ناسیونالیستە کوردەکان فیدرالیزم‌و مەسەلەی کەرکوك‌و بە قەولی خۆیان دەستوری علمانی وەکو سی خەتی سور نیشانی ئیسلامیەکان دەدەن. کە بەبروای من مەبەستی سەرەکییان هەر فیدرالیزمەو تەنانەت لەسەر ئەوەی کە کرکوك بە تەواوی بۆ ئەوان بیت پەیگیر نین‌و بە شیوەو بەیانی جۆراوجۆر دەریان بریوە. باسی دەستوری علمانی لە لایەن ئەوانەوە بەبروای من یاریەو هیچ جدیەتیکی تیا نیە، تەنها کارتیکی فشارە بەرامبەر ئیسلامیەکان بۆ ئەوەی فیدرالیزمیان بۆ بسەلمینن. ئەگینا کێ دەتوانێ باوەربکات بەوەی ئەوان کە 13 سالە کوردستانی ژیردەسەلاتی خۆیان بە دەستورو یاسای ئیسلامی رژیمی بەعس بەریوە دەبەن‌و بە چنگ‌و ددان پاریزگاریان لێی کردو لەسەر ئەم دەستورو یاسایە لەگەل ئیمە بەشەر هاتن، ئیستا لەسەر علمانی بوونی دەستوری عیراق شەر دەکەن‌و کارتی سوری بۆ دەردەکەن؟.

**کۆمۆنیست: چ رێگایەك هەیە بۆ دەربازبوونی خەلکی عێراق لەم هەلومەرجە؟**

رێبوار ئەحمەد: ریگای دەرچوون لەم وەزعیەتە، کۆتایهینان بە سیناریۆی رەش‌و سازدانەوەی ژیانی مەدەنیە. ئەمەش بەبێ دەسکۆتاکردنی خولقینەران‌و هیزەکانی پشتی ئەم سیناریۆ رەشە ئیمکانی نیە. ئەمریکا بە جەنگ‌و میلیتاریزم‌و تیکروخاندنی

بنەماکانی ژیانی مەدەنی، شیرازەی مەدەنیەتی لەبەریەك هەلوەشاندوەو داگیرکاری کردوە بە گرفتیکی واقعیو گەورەی ئەم کۆمەلگایە. هیزە قەومیو دینیەکان بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەلات هاوکاری سیاسەتە دڕندانەکانی ئەمریکایان کردو سەرمایەگوزاریان لەسەر ئەم پڕۆسەی داروخاندنی کۆمەلگایە کرد. بەبێ کردنەدەرەوەی ئەمریکاو کۆتاییهینان بە داگیرکاری هیچ ریگایەکی دەرچون لەم وەزعیەتەو ئالوگۆریکی بنەرەتی لەم هەلومەرجە لە پیش نیە.

ریگای دەرچون لەم وەزعەو ئایندەیەکی درەخشان بۆ عیراق ئیمکانی هەیە. ئەمەیان تەنها لە گرەوی بزووتنەوەیەکی جەماوەری فراوانو هەمەگیری رادیکالو ئازادیخوازانەدایە بۆ ئەوەی هاوکات هەم هیزەکانی ئەمریکا لە عیراق بکاتە دەرەوەو هەم هیزەکانی سیناریۆی رەش دەسکۆتا بکاتو دەوریان لە کاربخات. بەم جۆرە هەلومەرجیك بخولقیت کە خەلکی عیراق ئازادانەو ئاگاهانە بریار لەسەر سیستەمی حوکمرانی دلخوازی خۆیان بدەن. حیزبی ئیمە نوینەرایەتی ئەم ئایندەیە دەکاتو بە هەموو توانا بۆی تیدەکۆشیت.

**کۆمۆنیست: کاریگەری هەر پێشڕەوی یان بەپێچەوانەوە پاشەکشێیەك لە عێراقدا لەسەر تێکڕای خۆرهەلاتی ناوەڕاست چۆن ئەبینی؟ لەوانەش کاریگەرییەکانی لەسەر ئالوگۆڕە سیاسییەکان لە ئێرانو مەسەلەی فەلەستین؟**

ریبوار ئەحمەد: بە بڕوای من وەزعو مەلەفی عیراق بە هەر باریکدا بکەویت کاریگەریەکی راستەوخۆو گەورەی هەیە لەسەر گشت ناوچەکە، بە تایبەتیش ئیرانو فەلەستین وەکو دوو مەسەلەو دوو مەلەفی سەرەکی لەم ناوچەیە. من ئەوە بە زیادەرۆیی نازانم کە بلیم یەکلابونەوەی وەزعی عیراق بە هەرباریکدا کاریگەری لەسەر هاوکیشە جیهانیەکانیش دەبیت. چونکە خودی ئەو جەنگەی لە عیراق بەرپایە، لە بنەرەتدا جەنگی نیوان دوو جەمسەری جیهانیە، تەواوی زلهیزە جیهانیەکانیش دەخالەتیان هەیە لە وەزعی عیراقدا. عیراق بوەتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی کیشمەکیشیکی جیهانی.

ئەمریکا جەنگی عیراقی لە پیناو سەپاندنی نەزمو بالادەستی خۆی بەسەر دنیادا بەرپاکرد، دەیویست نەزمی نویی خۆی بەسەر دنیادا بسەپینێ، تەقەلای ئەوەی بوو بەشی گەورە لە داهاتو دەسترەنجی کریکارانو بەشەریەتی دنیا بۆ خۆی بەرێ، مەبەستی ئەوەبوو بە ملهوری بەرژەوەندی خۆی بکات بە قانونیکی داسەپاو بەسەر هەموو دنیادا. بۆیە سەرکەوتن یان شکستی لە عیراقدا کاریگەری راستەوخۆ لەسەر ئەم نەخشەیەی دادەنیت. بەلام بە بڕوای من ئەگەر بەوجۆرەی دیتەبەرچاو ئەم جەنگە لە نیوان دوو جەمسەری تیرۆریستی ئیسلامیو ئەمریکادا قەتیس بیت، ئەوە هەرلایەکیان سەرکەویت هەر داهاتویەکی تاریكو تەلخو خەتەرناك بەسەر ناوچەکەدا فەرز دەکات. ئەگەر ئەمریکا بە دەستی ئیسلامی سیاسی شکست بخوات، ئەم ناوچەیە بەدەست کۆنەپەرستانەترین بەدیلەوە گرفتار دەبیت. کیشەی فەلەستین لەمپەری گەورەتری بۆ پیکدیتو تیرۆریزم زیاتر بال دەکیشێو بوار لە بەردەم ریگاچارەی سیاسی بۆ ئەم کیشەیە تەسکتر دەبیتەوە، برەوی تیرۆریزمی ئیسلامی رەوتی فاشیستیو رەگەزپەرستی ئیسرائیلیش مەیداندارتر دەکاتو پشێوییو ئالۆزیەکی زیاتر دەخولقێ. لە ئیرانیش جمهوری ئیسلامی کە لەسەر لیواری مەرگ راوەستاوە توانای مانۆری زیاتر پەیدا دەکات بۆ دریژکردنەوەی عومری خۆیو توندکردنەوەی زنجیری ئەسارەت لە دەستو پێی خەلکی بە مەیدان هاتووی ئیران. خۆ ئەگەر ئەمریکاش سەرکەوتن بە دەست بهینێ، ئەم ناوچەیە بەئەلقەکانی دواتری نەخشەی ئەمریکاو ملهوریەکانی بۆ فەرزی نەزمی نوێو میلیتاریزمی ئەمریکا گیرۆدە دەبیت. بە دیاریکراوی کیشەی فەلەستین وەکو هەمیشە لە سایەی سیاسەتی پشتیوانی گەرمو راستەوخۆی ئەمریکا لە رەگەزپەرستیو تیرۆریزمی دەولەتی ئیسرائیل ئالۆزتردەبیت، لە ئیرانیشدا هەرەشەی پەلاماری ئەمریکا بوار بە رژیم دەدات بۆ پەلاماردانی خەلكو سەرکوتی بزووتنەوەی

سەرنگونی، جمهوری ئیسلامی لە ناوخۆیدا یەکدەستتر دەکاتەوە، فەزای شۆرشگیرانە لە باردەباتو وەکو فاکتەریکی گەورە بۆ بالادەستی راستی کۆمەلگا بەسەر فەزای سیاسیدا کاریگەری دادەنیت.

بەلام لە واقعدا ئەو جەنگەی لە عیراقدا بەرپایە، تەنها جەنگیکی دوولایەنە نیە، بەلکو سێ لایەنەیە، ئەمریکا، ئیسلامی سیاسیو بەشەریەتی موتەمەدنیش لایەنی سێیەمە. قوتبی سێیەم کە لە بەرامبەر بەربەریەتی ئەو دوو جەمسەرە تیرۆریستیەدا هاتوەتە مەیدان، هیزیکی عەزیمو فراوانو جیهانیە، بەلام هیشتا ناریکخراوو ناموسنەجیمەو کیشەی رابەری هەیە. وجودی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریو ریکخراوە رادیکالە جەماوەریەکانی ژنانو کریکارانو جەماوەری خەلك، ئاسۆی ئەم جەمسەرەی لە مەیدانی سیاسی عیراقو لە رووبەرووبونەوەی بەربەریەتی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسیدا روناك کردووەتەوە. ئیمە لە عیراقدا نوینەرایەتی ئەم بەرە جیهانیە دەکەین. بە بروای من هیچ ریگاچارەیەکی دیکە نیە جگە لەوەی کە هەردوو جەمسەری تیرۆریستو بەربەری بە دەستی ئەم بەرەیە دەبێ شکست بخوات. ئەمە نەك تەنها عیراق لە رکیفی ئەم هیزانەو لە خەتەری ئەو ئایندە تاریکە دوور دەخاتەوە، بەلکو هاوکیشەو هاوسەنگی هیز لە گشت ناوچەکەدا بە قازانجی ئازادیو سکولاریزمو چەپ دەگۆرێ، باشترین بوار بۆ چارەسەری عادلانەی کیشەی فەلەستین دەکاتەوە بە قازانجی پیکهاتنی دەولەتی سەربەخۆی فەلەستین، هاوکات کۆڵەکەکانی جمهوری ئیسلامی بە تەواوی لەق دەکاتو کۆمەك دەکات بە بزووتنەوەی سەرنگونی جمهوری ئیسلامیو سەرکەوتنی شۆرش لە ئیراندا بە مانای گەیشتنی کۆمۆنیزمو چینی کریکار بە دەسەلاتو نەخشاندنی ئایندەی ئیران بە بەدیلی سۆسیالیستی.

**کۆمۆنیست: نەبەردەکانی بەردەم حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق کامانەن؟**

ریبوار ئەحمەد: ئەرکی گەورەی سازدانو رابەری کردنی بزووتنەوەی جەماوەری بۆ وەدەرنانی هیزەکانی ئەمریکاو دەسکۆتاکردنی هیزەکانی سیناریۆی رەش لە بنەرەتدا کەوتووەتە ئەستۆی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری، ئەگەر ئەم حیزبە ئەم کارە بکات دەبیت، ئەگەر ئەو نەیکات نابیت. وەستانەوە بەرامبەر ئەمریکاو ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزم، ناکام کردنەوەی تەرحو بەدیلە کۆنەپەرستانەکانیان، هەلخراندنو ریکخستنی هیزی جەماوەری بۆ ئەوەی لە هەموو جیگاو لە هەموو ئاستیکدا ژیانو چارەنوسو ئیدارەی ئموری خۆیان بەدەستەوە بگرن، کیشمەکیش لەسەر چۆنیەتی ئارایشدانەوەی دەولەتو دەستورو یاساکان لەسەر بناغەیەکی سکولاریستیو ئازادیخوازانەو پشتبەستو بە دەخالەتو ئیرادەی ئازادانەو ئاگاهانەی جەماوەری خەلك. بەرگری لە مافە مەدەنیەکانی کریکارانو ژنانو لاوانو جەماوەری خەلك لە بەرامبەر هیرشی هیزەکانی سیناریۆی رەش، سازدانەوەی مەدەنیەت... گرنگترین مەیدانو جەبهەکانی تیکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری پیکدەهینن.

بەلام بەرەوپیش بردنی خەبات لەو مەیدانانەدا، بەبێ بەریخستنی ئەو بزووتنەوە جەماوەریە فراوانو هەمەگیرەی پیشتر باسم کرد ئیمکانی نیە. دەبێ بزووتنەوەیەك لە دژی لیکترازانی شیرازەی ژیانی مەدەنی بەریبکەویت. ئەمە پرۆژەی سەرەکی ئیستای حیزبە لە ئاستی عیراقدا. هەولی ئیمە بۆ ئەوەیە کە هیزی بەرەی ئازادیو سکولاریزم لە عیراقو جیهاندا لە چوارچیوەی سازمانیکی گەورەی جەماوەریو جیهانیدا لە دەوری پلاتفۆرمی کردنەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو دەسکۆتاکردنی ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزم ریکخراو بکەین، بە مەبەستی سازدانەوەی مەدەنیەتو خولقاندنی هەلومەرجیك کە لە سایەیدا خەلکی عیراق ئازادانەو ئاگاهانە بریار لەسەر ئایندەی خۆیان بدەن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ دەسەلات بەدەستەوە بگیریو حکومەتیکی کاتی رابگەیەنرێ کە دەستبەجێ ئەمنیەتو ئازادیو گوزەرانی خەلك دابین بکات. یەکەی پایەیی ئەم سازمانە بنکەکانی گەرەکە کە پشت بە هیزی چەکداری جەماوەر دەسەلاتی خەلك بەرپادەکات، لە هەر گەرەكو شارو ناوچەیەکدا کە ممکن بیتو هاوسەنگی هیز بوار بدات ئیدارەی ئمور بەدەستەوە دەگریتو مەدەنیەت ساز دەداتەوەو بە یاسای ئینسانیو پیشرەوانەو یەکسانیخوازانە بەریوەی دەبات، لە ئاستی جیهانیدا هیزی موتەمەدنی دنیا بۆ دەخالەتی چالاكو کاریگەر بە قازانجی ئازادیو سکولاریزم هەلدەخرینێ،

فشاری جیهانی لەسەر ئەمریکاو بەرەی سیناریۆی رەش توند دەکاتەوەو بوار لە دەخالەتی لایەنە کۆنەپەرستەکان لە دژی خەلکی عیراق تەسکدەکاتەوە.

## کۆمۆنیست: ئەرکی هێزە ئازادیخوازو سکولارەکان لە ئاستی جیهانیدا لەبەرامبەر خەڵکی عێراقدا چییە؟

رێبوار ئەحمەد: من پیشتر روونم کردەوە کە ئەو شەروکیشمەکیشەی لە عیراقدا بەرپایە، تەنها بە خەلکی عیراق پەیوەستو مەحدود نابیتەوە. سەرکەوتنو ژیرکەوتنی هەر لایەکی ئەم کیشمەکیشە رەنگدانەوەی جیهانی هەیەو ئاکامی خۆی دەبیت بۆسەر خەلکی دنیاو هاوکیشە سیاسیە جیهانیەکان. تەنانەت خودی دریژەکیشانی ئەم وەزعیەتە هەمان رەنگدانەوەی هەیە. عیراق کراوە بە مەیدانی جەنگو پیشبرکییەکی تیرۆریستی کە سەراسەری دنیای لەبەردەم خەتەری هەر رۆژە داناوە. ئەگەر بەرەی بەشەریەتی موتەمەدن لیگەریت دۆراوو براوەی ئەم شەرە لە نیوان ئەمریکاو ئیسلامی سیاسیدا دیاری بکریت، سبەینێ جیهان گیرۆدەی لایەنی براوەیان دەبیت.

بۆ ئەوەی ئەرکو وەزیفەی هیزو بزووتنەوە سکولارو ئازادیخوازەکان بەرامبەر بە خەلکی عیراق روونبیتەوە، بەبروای من کافیە سەرنجیکی کورت لە دەورو کارکردی هیزە کۆنەپەرستو ملهورەکان بدەین لە عیراقدا. ئەمریکا لەمسەر تا ئەوسەری دنیا هاوپەیمانەکانی خۆی لە عیراقدا کۆکردوەتەوە بە هەموو توانایان هەولدەدەن ئەمریکا لە عیراق سەرخەن. هیزە قەومیو دینیەکانی عیراق بە پشتیوانی گەرمو راستەوخۆی دۆستانو دریژکراوە ناوچەییو جیهانیەکانیان هەولی سەرخستنی بەدیلی خۆیان دەدەن. لە پیشی هەموانەوە جمهوری ئیسلامیو بەدوای ئەودا دەولەتانی ناوچەکە یەکلاکردنەوەی وەزعی عیراق بە قازانجی هیزەکانی سەربەخۆیان، بە کاری راستەوخۆی خۆیان دەزانن. جەمسەری ئیسلامی سیاسی بەشەرهاتوو لەگەل ئەمریکا، لە هەموو گۆشەو کەناریکی دنیاوە هیزو ئیمکانیەتی خۆی روەو عیراق ئاراستە کردوە. هیزی بەشەریو چەکو ئیمکانیاتو هەموو شتیکی بۆ جەنگی خۆی لە عیراقدا فەراهەم کردوەو تەنانەت رابەری بۆ تصدیرکردوە. زەرقاوی ئەم مەئموریەتەی بۆ بزووتنەوەکەی خۆی لە ئەستۆ گرتووە بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە بە رەچەلەك چەندە بە کۆمەلگای عیراق پەیوەست دەبیتەوە.

من دەلیم ئەرکی هیزە ئینسانیو پیشکەوتنخوازو سکولارەکانی دنیاش، بە هەمان شیوە، هەتا زیاتر نە کەمتر، دەخالەتی چالاكو کاریگەرو هەمەلایەنەو راستەوخۆیە لە مەیدانی سیاسی عیراق بە مەبەستی بەهیزکردنی بزووتنەوەی خۆیان لە عیراقدا، بە مەبەستی سەرخستنی بەرەی خۆیان لە عیراقدا. من ئەرکی ئەوان بەوە دەزانم کە بە هەموو شیوەیەك لە پشتی ئیمە راوەستن، بە هەموو شیوەیەك کۆمەكو هاوکاریمان بکەن، بە هەموو شیوەیەك بەهیزمان بکەن، لە فەراهەم کردنی پیداویستیەکانی کارو خەبات هاوکاریمان بکەن. هەر وەکو ئیمەو بەو شکلو شیوازەی بۆیان ممکنە بینە مەیدانی ئەم جەنگەوە بۆ بەشکست کیشانی هەردوو جەمسەری تیرۆریستی جیهانی. بە تایبەتیش کاریکی گرنگو سادە ئەوەیە دەنگی ئیمە بگەیەنن بە هەموو دنیاو هاوکاریمان بکەن بۆ گەیشتنی دەنگمان بە خەلك. وەکو تا ئیستا دۆستانی ئیمە لە یابانو فەرەنساو ئیتالیاو بەرتانیاو... هتد بە رادەی جیاجیا ئەم کارەیان کردوە.

هاوکات ئەرکی ئەم هیزو بزووتنەوە سکولارو پیشکەوتوانەیە کە نارەزایەتی بەشەریەتی موتەمەدن لە دژی شەرو ملهوریو عەسکەرتاریەتی ئەمریکاو نەفرەتیان لە تیرۆریزمی ئیسلامی بخەنە سەر سکەی دروستی خۆی. ریگا نەدەن نارەزایەتی لە شەری ئەمریکا ببیتە دەستمایە بۆ بەربەریەتی ئیسلامی، هەروەها ریگا نەدەن نەفرەت لە بەربەریەتی ئیسلامی ببیتە بەلگەی پاساودانی بەربەریەتی ئەمریکا، چونکە بەراستی ئەم دوانە هەرکامیان بەربەریەتی خۆی بە بەربەریەتی ئەوی دیکەیان پاساو دەدات. بزووتنەوەی نارەزایەتی بەشەریەتی ئازادیخوازی دنیاو هیزە سکولارو رادیکالەکان دەبێ هەردوو جەمسەری ئەم کیشمەکیشە بکات بە نیشانو لە پشتی بەرەی ئازادیو سکولاریزم رابوەستیت.